# بانگەواز



کۆمەڵە هەڵبەستی : عومەر فاڕوقی

بانکەواز

گوڵ چینیٚ هەڵبەستەکانی عومەر فاڕوقی

* بانگه واز

* کۆماره شیعر

* عومه ر فاروقی

* چاپی یه که م ۳۰۰۰ دانه

* ۱۳۵۸ تاران

# ناوه رۆک

عنوان ............ صفحه


به جێگای پیشه کی .................... ۳
ئاوات و شین .................... ۵
سرودی نه و رۆز .................... ۹
موژده ی رزگاری .................... ۱۱
بۆهه ژار .................... ۱۵
بانگه واز .................... ۱۶
سرودی نیشتمانی .................... ۱۸
بۆهێمن .................... ۱۹
راپه رین .................... ۲۰
نه و رۆزی خوێناوی .................... ۲۲
براکه ی باوکم ، کاک هاشم .................... ۲۳
دوی رێ به ندان .................... ۲۵
په یام .................... ۲۹
یه کیه تی .................... ۳۱
لاواننه وه ی شه‌هیدانی سه قز .................... ۳۲
ئه گه لی زه حمه ت کیش .................... ۳۶
بۆکاک فوأد .................... ۳۹
وه رام .................... ۴۱
فه‌رهه‌نگۆک .................... ۴۳

## ( به جێگای پێشه کی )

خوێنده واری ئازیز . به گومانی من له م هه ل و مه رجه داهه ڵبه ست ئه بێ به چه شنێکی منزوشی خۆی بنوێنی و هۆنه ر ئه بێ چلو نایه تی خه باتی گه لی کورد له هۆنراوه ی خۆیا بگونجێنێت و هه ر ئه مه یه که ئه ده بی مقـــاوه مه ت پێک دێنێ . هۆنه ر گوڵاڵه ی ده ردو داخ و هه ستی کـه لـه وخه باتی هۆنه ر له خه باتی گه ل جیانیه . . . هۆنه ر به هۆی هه ستـــی بڕشتن و بیر و باوه ری خۆیبۆ ڕێگا ئه نوێنی و له که زی و ناله باری به رگـــری ئه کات . ئیستا کاتی ئه وه هاته که گه لی کورد ده فته ر و دیوانی ئه وشاعیرا ـنه ی که بۆ برچ و چاوو قه د و باڵای کچان هه ڵبه ستیان داناوه بخاتـه ئه و لاوو شیعری مقاوه‌مه‌ت و یه کیه تی له به ر کات و به دڵێکی پڕ له هیوا و ئه زـ نوێکی پڕله هێز و توانا بۆ پێشه وه هه نگا و هه ڵگری . . . زۆر جێگای به‌ختیاریه که ڕا په ڕینی ئه م چه رخه ی ئێران ئه و هه ل و ده رفه ته ی به لاوه تیکـــو شه ره کانی کوردوستانی ئێران دا تا له گه ڵ هۆنه ر و ئه ده بی مقاوه مه ت ئاشنا بن به ڵام نابێ لاوانی ڕۆشن بیر ئه وه له بیر به رنۆ که ئه بێ ئه‌ده‌بی مقاوه مه ت به رنه ناو ئاقمی که م سه وادی کورد تا ئه وانیش له گه ڵ ئـه م سه ر چاوه ڕوناکانه ئاشنا بن . . . شتێکی تر که لازمه بووتری ئه وه یه کـــه هه ڵبه ستی من تا ڕاده یکی زۆر به زاراوه ی سه قزیا نه یه و ئه وه یش بـــه تایبه ت ئه م کاره م کرده نه ک بڵێن بۆخۆی ئاگای لێ نیه و نازانی چونکـا هیچ ده لیلێ نابینم من به و زوانه ی قسه ی پێ ئه که م نه نوسم . . تـــازه ئه‌گه ر شیعری هه ژار و هێمن خه ینه به رچاو ئه بینی ئه وانیش به موکریانی

شیعریان هه ڵبه سته جا له م به ر هه مه دا هاوردنی ( ئه ڕۆم ) به جێگـای ( ده ڕۆم ) هه ربه و هۆیه ئه گه رچی گشتیشی وانیه ، به کورتی خوێنده واری ئازیز بزانه که زوان و ویژه ی کوردی ئه و نه په ره دار و گه شه داره کـــه پیاوی تیا نوقم‌ئه ویت ...

عومه ر فاڕوقی ۱۳۵۸/۱۰/۲۳

## ئاوات و شین

ئەو دەم کە هەورگەواڵ گەواڵ
لوتکەی کوێستان دائەشارن

ئەو دەم کە بارانی بەهار
بەسەر باخانا ئەوارن

ئەو کاتە کە چرو چڵۆک
ئەبوژێنۆڵە هەر لاوو

ئەو دەم کە سێخوار و سەهۆڵ
خۆیان ناگرن بەسەر پاوو

ئەو کاتە کە گوانی ئاژەڵ
سەررێژن لە شیری تازە

ئەو دەم کەکەی بانو لە ماڵ
گاوس هەڵخات بۆ دۆی تازە

ئەو دەم کە خێڵات بۆ هەوار
بارو بنەی لێ ئەبەسن

ئەو کاتەی کە ڕاوچیان
بەیادی داو و قەفەسن

ئه و ده م كه ڕه وه له بژوێن
سه رگوڵی گيا ئه قرتێنی

ئه و ده م كه شوانێک به تاوو
له شمشاڵی ئه توڕێنێ

من به ته نيا له سوچێكا
بو گه ل ئه گێڕم گه رمه شين

له بو مه لێڵه تا به يان
په ژاره ی گه ل دڵ ئه گوشێ

كه تا كه ی ئه ژديهای ئه سته م
ئيل و هۆزمان هه ڵ ئه لوشێ

تا كه ی أبێ دابێژ كرێ
جه نده كی لاوی كوردوستان

تا كه ی ناسۆر ئه وكی گرێ
كه ی دێته ڕيزی سه ربه ستان ؟

هه ر مه ته ريزه و سه نگه ره
شه پۆل ئه دات له خوێنی كورد

تریشقه وتەوژمی خەبات
بۆ ئازادی کردنی بەپرد

پیری زۆرهانی ئیستبداد
ئەوکی بەهێزی گەل ئەچڕێ

بەومەرجەی یەک گرن گەلمان
دیوەزمەی ئەستەم ئەمرێ

بەڵام ئەی داخ کوردینە
قەت نەمدی گشتمان یەک گرین

هەرگیز نەمدی یەکیەتی
تا پیکەوا هێرش بەرین

ئەنیا ئەگەر هێزی گەلمان
هێرش بەرێتە سەر دوژمن

ماوەی زۆر ناخاوێنێ
وەک جو بخزێنە ناو قوژبن

گەرچینی زەحمەت کێشی گەل
لەگەڵ پیاوانی ڕۆشن بیر

به پاچ و به بێڵ و قه ڵه م
به داس و چه کوش ـ و به تیر

هه ڵکوتنه سه ر هێزی زاڵم
کۆشکی سته م ئه ڕو خێنن

دا بێکی تازه و نوێ ئینن
یاسای کۆنه ئه سو تێنن

ئه و ده م جیهانێکی نوێ
ڕۆژگارێکی ڕوناک و خۆش

له م کوردوستانه پێک ئه هات
گه لێکی یه ک گرتوی تێ کوش

به ڵام ئه ی هاوار کوردینه
ئه مه ئاواتێکی دوره

هه تا ئه م خه ونه م دێته دی
شه به ق خوێناوی و سوره

من به ته نیا له سوچێکا
بو گه ل ئه گێڕم گه رمه شین

به فرانباری ١٣٥٨

## ( سرودی نەو رۆز )

دیسان نەو رۆز هاتە وابۆ دەشت و کێوی وڵات
دیسان خەرمانی گوڵان ئەکات بەئێمە خەڵات

نەو رۆز جەژنی کوردانە، کاتی خۆشی و شادیە
نۆرەی دەشت و چیایە، سەردەمی ئازادیە

بڕوانە بۆچەم و ئاو، دەخرۆشن هەروەک شێران
دیارە دێوان دەناڵن، چونکا ماڵیان بو وێران

هاتو گوڵاڵە سورە، بوژانەوە گژوگیا
سەوزو خوڕم دەنوێنن، دامەنەو دۆڵ و چیا

وا بولبول نەغمەخوێنان، خەیمەی هەڵ دالەسەر چڵ
قومری واغەزەڵ خوێنان، دەکات مەدح وسەنای گوڵ

حاجی لەق لەق تەقەتەق، حەوڕەنگیلە جیکەجیک
ماسی خۆران شەقەشەق، تەیر و تیهو فیکەفیک

هەمویان هاوار دەکەن کوردینە هەستن لەخەو
کاتی هەوڵ و خەباتە، هەتا ڕۆژ نەبوە بەشەو

بۆچ تۆ ئەبێ ئەسیر بی، دوچاری بەندو داوبی
هەموگەلان سەربەرزن، بۆچی هەر ئەتۆ خاوبی

ژێردەستی ئیتر بەسە، ژیانمان یەک نەفەسە
بوئەم ژیانە کۆتایە، کوردەپشودان بەسە

هەستن و ڕزگاری کەن، خاک و وڵاتی خۆتان
ئاخەر ئەم دایکە پیرە، تاکەی بناڵێت بۆتان

پوڵ و پارە هیچ نیە ، ماڵ و سەروت بێسوودە
ئەو کاتە بە ختیاریت ، هەروانەژیت بێهوودە

کوردە گیانم فیدات بێ ، بە هارمان زۆر ئازیزە
خۆت خەرە ڕیزی خەبات ، ئەنیا بەهار پائیزە

دە بێ وڵات ئازادبێت ، گوندە کانمان ئاوە دان
لە م ڕێگادا هە وڵ ئە دە ین ، بێ نوستن و بێ‌و چان

قە سە م بە بانە و سە ردەشت ، قەسم بەورمێ و ماکۆ
قە سەم بە سنە و سەقز ، قەسەم بە خانە و جوانڕۆ

سوێن بە مە ریوانی جوان ، بە کوێستانی هەورامان
بە سابڵاخی چوارچرا ، بە بیستونی کرماشان

بە نە غەدە و ڕە وانسەر ، سوێن بە شنو و بە بۆکان
بە کوێستانی زمزیران بە نەودشەو بانیگان

ئەگەر ئێمە نە ستێنین ما فی وڵاتی خۆمان
سەرشوڕی و نەنگی مێژو تەواو خەڵاتە بۆمان

ئیتر نەورۆز پیروز بێ ، هەمو ڕۆژتان نەورۆزبێ
بەڵام ئەمەیش بەوشەرتە بیرتان هەرلەلای هۆزبێ

نەورۆزی ١٣٥٧

## ( موژده ی ڕزگـاری )

پێشکه ش به کوردوستان و به و ڕۆڵه نه به زانه ی که ئاڵای سوری خه باتی نه ته وایه‌تی ئێمه هه‌ڵ ئه ده‌ن .

ئه زانم دیت سه رۆ کی من
وه ک خوَری به یانی به هاران
ئه ی تاوینیتوٚ له ئاکاما .
به فر و زوقم و سیخواری قه دیم
ئه زانم ده ستی دێوی زوڵم
به ر ئه ده ی له به رۆکی من

* * *

ئه زانم‌که ئه زانی تو
داری گه و ره ی گه لی ئێمه
دارێکی پڕ شاخ و به رگه
چه ن زو وشک بون دارانی تر
به ڵام ، داری ئه ستوری گه لی کـورد
سه وزو گه ش و بێ مه رگه

* * *

ئه زانم ده م به هاوردیت
له ده ستێکت چه ک و سه ڵاح
له ده ستێک ئالا یێک سور
و چاوت هه ر له ڕێگایه
تاکو و بن گشت هۆزو گه ل
له هه ر بنکه و له هه ر سنور

* * *

ئه زانم دونیا وانابێ
ئه زانم گه لی به ش خوراوی من

له مه پتر وێڵ نابێ
جا ، زوتر هه سته وو ره
ئه ی چاک سواری بێ وێنه ی پاکی
ئه ی کانی شه ره ف و شوجاعه ت
ئه ستێره ی گه شی ڕوناکی

* * *

ئه زانم که ئه زانی تو
گه نجانی خه بات گێڕی هۆز
چاوه ڕوانـــی کێوه کانن
تا کو ڕۆژی ڕۆژان دێ
تا هه ڵ گرن ئالآی شۆڕش
به ره و شاری شادی ئازادی
به ره و داها توی پڕ ئومێد
به ره و ڕوخانی بێدادی

* * *

ئه زانم ئه ی دا یکی کوردوستان
ئه ی خاکی قاره مان په ر وه ر
ئاوسی شۆڕِشی تازه ی
شۆ ڕشی سوری ڕا په ڕین
خه باتی گورجی ده ربه ڕین
تا بپچڕێنێت له ده ست و پات
زنجیری ژه نگاوی دیلی
تا خه لاس بن ڕۆڵه کانت
له یه خسیری وله زه لیلی

* * *

ئه زانم من و ئه یش زانن
کاتی ڕزگاری گه له

وەختی ئاوائی ولاٚته
نۆرە ی ڕە زم و خه باته
ڕزگاری گه ین نیشتمانمان
خوێنی گه لمان له کلٚ هاته

* * *

ئه زانم دیت کاکی گه و رەم
سوێنت ئه دەم به شنه ی خۆشی هه واران
به خوێنی گه شی شه هیدان
به نه که ڕۆز و شاهۆ و بێستون
به که ڵووی و سارۆخ و سیروان
به خۆری سوری ئێواران
ئەگه ر له م چەرخه بێداده
ڕژا خوێن و نه ما گیانم
له کاتی جه ژنی ئازادی
له سه ر گۆڕم بکەن شادی
چەتا به شداری به شتان بم
شاهیدی بەرزی ی گه لتان بم

* * *

ئه زانم دیت سه رۆکیمن
به خێرهاتی ، به کات هاتی
ئالاٚی شۆڕش بێنه مەیدان
سوری که ئه و سا به خوێنی شه هیدان
با تک تک خوێنی لێ بتکێت
ئەو ساهاوار کەن به جارێ
تا قی عاسمان بێننه خوارێ
هه ربژی کوردو کوردوستان
له گەڵ ته واوی سه ربه ستان

زمستانی ١٣٥٧

## ( بۆ هه ژار )

ماموستا عه بدو ئه لره حمانی شه ره‌ف کەندی ناسراو به ( هه ژار ) یه کێ له گه وره ترین هۆنه ران و نوسه ران و وەرگێرانی گه لی کورده که له دوای چه‌ند ساڵ خه باتی شورشگێرانه پای که وته تاران و له ئاکاما له‌شاری که ره ج بنه گیربو من له به هاری ساڵ ١٣٥٧ له به شی ئیران زه وینی تلویزیونی نه ته وایه تی چاوم که‌وت به و ماموستایا و ئه م هه‌ڵبه ستانه‌م له وێ دانا و دامه ده سی و به دڵێکی پڕله زامو ڕوم کردو شاخ و به‌ندەن و چیا جوانه کانی کوردوستان ... به ڕاستی ماموستا هه ژار بلیمه تێکی هه‌ره گه وره‌ی گه لی کورده و ئه رکی ئه وله سەر چاوودڵمانه .

هه ژار، ما مۆستای به بیرو هێزم  
شوستادی گه وره م ، کاکی به‌ڕێزم

هۆ نه ری به رزی باخی هۆنه‌ران  
ما مۆستای سه رئێل هه مونوسه ران

هه‌ڵوی سه رشاخی وڵاتی لاوان  
ئاوات و هیوای گه لی بێ تاوان

جێگا داره که ی خه یامی سوتاو  
ڕه فیقی دڵسوز گورانی نه ماو

ڕه زمه نده ی بێباک‌شه‌ڕکه‌ری ئازا  
هه‌ڵمه‌ت دەرێنه‌ی هه‌ورانی نازا

هاوه‌ڵ و هاوده‌م سه‌رۆکی گه وره  
هه‌ڵوی باڵ شکاو، ڕوسه می‌ده‌وره

بیستم له‌تاران پاته‌ختی ئێران  
گرتوته گوشه و دوری له یاران

وه ک شێری زه خمار له‌گوشه‌ی‌تاران  
هاوده‌نگی شه‌وی و ڕه‌فیقی باران

بردوته له‌بیر یادی کوێستانان  
هه‌وای شاخ و داخ سه‌فای بێستانان

به ڵام ماموستا ، یه‌ک‌جارواش نابێ  
باخێک له‌ئاور واخاموش نابێ

دڵی تو قوڵپه‌ی خوێنی هۆزت بو  
سه‌رت سه‌رمه‌ستی سروه‌ی سۆزت بو

ڕاسته‌که‌هێزی دوژمنی به‌دفه ڕ  
خه باتی هۆزی تیک شکان یه‌ک سه‌ر

به‌ڵام کوردوستان چاوی له تویه  
له کانگای دڵان هه‌رناوی تویه

بمان لاوینو به‌هونراوه‌ی جوان  
باڵت شکاوه ، خوما و ته زوان ...

بڵێ بینوسم بیده‌م به شه ماڵ  
بیوات بۆهه‌ولێیر یا بو چه‌م چه‌ماڵ

بیوات بۆگوێژه و بو سولیمانی  
بو پیره مه‌گرون چیا و ناوانی

۱۵

هەژار ، کوردوستان چاوی لـــە تۆیە        هەڵبەستە کانت ، بڕناوی تۆیـــــە
عو مە ر کە لای تو وە ک خز متکارە
چاوەڕی ی تۆیە ، کاتی پیە یکـا رە

خاکە لیۆمی۱۳۵۷

(بانگەواز)

ئاخەرین جێگای خەباتی کۆڵ نەدان سوسیالیە
هان دەری گەل بۆ نیزامی چاک و جوان سوسیالیە

ئەی برای ئازای خەبات کەر بێرە ڕیزی شۆڕشو
ئەو مەرامەی یاری تۆیە بێ گومان سوسیالیە

ئەومەرامەی هاوەڵە لە بۆ ڕە شائی و بۆ فەقیر
کۆمەڵی هەڵمەت دەریچەو سێنەران سوسیالیە

ئەو نیزامەی سوو ڕوبا و جاش و گەدا نابودئەکات
یەکیەتی زەحمەت کێشانی گشت جیهان سوسیالیە

یاوەری چەو ساوەکانی گشت گەلەفەو تاوەکان
شەرکەری ئازا لەگەڵ زۆر دارەکان سوسیالیە

ئەو مەرامەی واتە واوی موفتە خوران دەرئەکات
سەرخەری تاقمی هەژار و بێ بەشان سوسیالیە

هەر نیزامێ تو ئەبینی ئاخەری بێ سود ئەبێ
ئەو مەرامەی بی زیانە و جاویدان سوسیالیە

ئەو مەرامەی جەنبەل و جادوو دەسپێرێ بەگۆڕ
گرژئەکات دەرەبەگ و خویڕی و خان سوسیالیە

هاوەڵی کۆڵ نەدەری تاقمی فەعەلە و کارەکەر
سێنەری مافی هەمو مەحرومەکان سوسیالیە

١٧

کێـوی مه ده ن هه رگیـز به هوزه ی خوێن مژه بی شەرمەکان
هێنه ری پـەیکـی سـه عـادەت بێ و چـان سوسیـالیـــه

سوسیالیستـم و نیمـه باکـێ من له تـانـه ی ئیرتیجـا ع
جه بـری تـاریخـه ئه مـه تا کـامی ژیـنان سوسیالیـــه

خاکه لێوه ی ٥٨

کوردوستانە کە م ، کوردوستانە کم     توی دین و ئائین ، هە م ئیمانەکەم
توی ماڵ و مین و خیزان و خاووم     توی هێزی ئە ژنۆم ، توی نوری چاووم
توی وڵاتی جوان و پاک و سەربەر ز م     توی قە وم و کەس و سوننەت و فە رز م
هەرکەس توی دە وێ بۆمن برایە     هاوەڵە ، دۆستە ، بۆشە و چرایە
شەرتە تا ماووم پا بە ندی تۆ بم     لە بو سەربە رزیت بەهەوڵ و پۆ بم
ئەگریش مردم شوێنە واری من     دە گرن ڕێ ی تە لاش بۆ بڕ یاری من
هیچ شوونیست نیم ئەمن ڕوڵەی تۆم     خوێنم لە تۆیە و ڕیشە و کوڵەی تۆم
ڕێ ڕە وی ڕێگای باوەڕو بیرم     بەردەستی هێمنو هەژاری ژیرم
نەبەرچاو تە نگ و نە ناسیونالم     هەوڵ دە رو تیکۆش لە بۆ سوشیالیم
سوشیالیم دە وێ لە بۆ خاکی تۆ     بۆ قەوم و برای بیر ڕوناکی تۆ
ئە و ڕێگا جوانە لە تۆ پیرۆز بێ     ئاڵای سەربە ستیت لە گڕو سوز بێ
هەڵ ئەدەین ئاخری ، ئاڵای جوان وسور     لە لوتکەی بە رز ولەئاسوی پڕنور
بناوان ئە بە سین لەسە رچۆ مەکان     سەرسەوز یان ئەکەین وشکەدێمەکان
فێرگەی خوراثی و کارخانەی گەورە     پیویستە بۆ تۆلەم چەرخ و دەور ە
ئەی داخئە ترسم ژینم کۆتا بی     ما فی وڵاتم هەروا فەوتابێ
ئاخ بم دیبایت ئاڵای پیرۆزت     یا بم بیستایت سرودی هۆزت
ماچم کردایت ئاڵای سوری تۆ     بە دی ها تایت هیوای دوری تۆ

بە یداخی خە بات لە دە ست ڕە نجبە ران
با کیوێر بوایتن ، ئیستعمار گە ران

هاوینی ٥٨

( بۆهێمن )

ما مۆستا موحه مه د ئه مین شیخ الاسلامی ناسراو به ( هێمن ) پاش چەن ساڵ دوری لـه ولاٚت لـه کاتی ڕوخاندنی دەزگای شایه تی گه ڕا یـه وه بۆ سابلاٚخ و من به م بونەوو ئەم پارچه شیورم دانا و بۆم نارد . به ڕاستـی هێمن هۆنەرێکی گه وره و تێکوشه ر و دڵسوزی گه لی کورده و قه در و ئەرجی ئه و زۆر لـه م شێعرانه گه وره تره .

هه ڵ که ن له کوڵاٚن چرا ، هه ڵده ن ئالاٚی خوێنـاوی
هه واڵێکیان داومه تێ ، سه رئـه ده م لـه پێنـاوی
ئه ڵین هێمن ها تـه وا ، بـۆ سـابـلاٚخـی قاره مـان
چه تا به نوکی قه ڵه م ، لێک داتـه وا چـاره مــان
له م کاتی ڕا په ڕینه ، لـه م جه ژن و چەپڵـه ڕێنـه
هێمن به خێر بیته وه ، بڕوانـه گـه ل به قینـــه
دار ی ئازادی سه وزه ، به هار مان ڕێ ی خەبـاتــه
کوردوستان هاوارئه کات ، کورده کاتـی نه جاتــه
ده ست بده نه ده ستی یەک ، به ره و شاری ئـازادی
هه ل که نن له بێخ و بن ، برج و باروی بێـــدادی
موژه ده بی ئه ی کوردوستان ، ڕوڵه ی چاکت هاته وه
بۆداوێنی خاوێنت ، کـوردی پاکـت هـاتــەوه
دیاری ئێمه چیه ، بۆئه م هۆنـه ره جـوانــه
چه پکه یک گوڵی سـوره ، خوێـن بائی نیشتمانــه
گوڵی خوێناوی شه هید ، له کوردوستانـی ئیـران
پێشکەش به تۆ هێمن گیان ، هیوای به رزی کوردوستان
یا خوا به خێر بیته وه ، هێمن بۆشاری سـابـلاٚخ
سه قز یش چاوه ڕوانته ، تو خوامه ی خه پشت قـولاٚخ

ڕه شه مه ی ١٣٥٧

سه لام بۆ ئێوه ئه ی گه لی ئێران — گه لی پاڵه وان پاش ماوه ی شێران
سه لام له ئێوه ی سەربەست وئازاد — سەلام بو هەمو ڕه گه زی دڵشاد
جا ، باش بزانن ئێران بۆوایه — هۆی دواكه و تنمان هەر ئەمریكایه
ئه وەڵ كه هاتن له گەڵ ئەسڵی چوار — فرمێسك له چاویان زۆر ئەهاتەخوار
ئه یان وت ئێمه مرۆڤ پەرستین — خەڵكمان خۆش ئەوێ وئەتان پەرستین
بۆچ ئەبێ ئێوەئاوافەقیر بن — له ژیانی خۆتان هەرگۆشه گیر بن
ئێمه ئەنێرین بۆتان كار شناس — تازینی ئێوه پكات ڕێك و ڕاس
جا ، له پاش ئه وەسێ هەزارسەربا ز — ڕژانه ئێران غەرقی به رگ و ساز
سەربازخانەیان داگیر كردلێمان — پڕبوله جاسوس گشت شارو دێمان
ئه و ساویتان ،جاچەك ئەفرۆشین — هەواپەیمای جیت لەگەڵ ئیلویشین
لەژێردەریائی و تفنەنگی ئێم یه ك — هەمویان هێنا و دایان نا یەك یەك
نەوت و بەنزینیان باركردو بردیا ن — هەرچی بەردەست كەوت بەگورجی خواردیلن
ناگەهان بانگی ئینقلاب هەستا — خەڵك دامركان ، چەن لاومان فەوتا
وتیان ڕاپەڕین سپی و بێ خوێنه — ئەبێ به ماڵئیك ڕایه تی دوێنه
كرێكار بو به ساحێو كارخانه — جەنگەل و دێهات وائاوه دانه
خۆت و ماڵت خوێنده وارئه بی — لەژیانی خۆتا كامه ران ئه بی
ژنان بێنه ده رله زیندانی ماڵ — بفروشن به خەڵك عیشوەوجەماڵ
وتیان چارشیونویش هەربەكارنایه — هۆی بەدبەختیەوقسەی مه لایه
بین ڕەش كەن قژتان بەرەنگ و دوا — خوا ماڵی داوەبیخەسەرسەوا
كەواو پاتۆڵیان له به رده رهێنایین — شەرواڵی جین و لیان بو هێنایین
وامیان هەڵڕژان بۆ برای فه لا — خۆی فرۆشت بەپوڵ شێخ لەگەڵ مەلا
گونی گوندایان دەرهێنا به پوڵ — خەڵك غافڵ بون لەخوا و له رەسوڵ
ئەیان وت شامان ئیسلام په نایه — حامی دینه و ئەسڵەن خودایه
ئیتر غافڵ بون ئه مانه درۆن — گشت ڕوورەش ئەبن ،گشتیان ڕەنجەڕۆن
ئەمجارچیان كردلەگەڵ كورده كان — ئەمریكا و سنتۆ، كوردیان فەوتان

بارزانی لە و دیو ڕوی کردە تاران — زور ڕێزیان لێگرت ، کردیان گوڵباران
وتیان کوردەکان گشت پاڵە وانن — هەمونە بەزن ، گشت قارە مانن
پوڵیان هەلڕژان لەگەڵ تفەنگا — مەلا ، نەی زانی هەموی جەفەنگە
هێزی کورد بەزۆر عەرەبی ڕاونا — عەرەب لەترسا ڕوی لەشاهێنا
لەئەلجەزیرە بومەدینی جاش — شاە و سەددامی ، یەک خستەوابا ش
ئەمجارپشتی کورد تێک شکا یەک سەر — خەباتی گەلمان تێک شەوا تێپەر
چەندەخوین ڕژالەوشەڕەگەور ە — چەندی لاو کوژرالەم چەرخ و دەورە
بەم جوژە هێزی پێشمەرگەشێوان — هەریەک لەلایک ڕوی کردە کێوان
بەوتەی ئەمریکا ، دەوڵەتی ئێران — ماڵی کوردانی ئاوا کرد وێران
ئەوسا پێم ئەڵێن حقوقی بەشەر — ئەی لەعنەت لەزاتی خراپی بەشەر
ئەمریکای خوێن مژلەگەل شای ڕوڕەش — نەیان هێشتەوڵەبۆکوردان بەش
فەساد ڕزانی قەسری شایەتی — غافڵ بو پادشا ، لەگەڵ ڕایەتی
ئەم جارە خەڵکی ئێران ڕاپەڕین — دزوجەردەکان لەکن دەرپەڕین
دزان هەڵاتن بۆدەروی ولات — هێزی کرێکار ڕوی کردە خەبات
لە شارو لە دێ گە لی قارە مان — کاخی ستەمی یەک سەرکرد وێران
سەرۆکی دزان کەوتە دەستو برد — ژندارم و پۆلیس تفەنگیان هەڵگرت
لەخوێنی گەشالاوان تێ غەلتان — جەلاد وای زانی خەڵک دامرکان
بەلام هێزی گەل هەروا بەرپایە — ئەم ڕاپەڕینە هەردەوایی نایە
بەهێزی فەلا و نیروی کرێکار — دەرئێنین لەبن ڕیشەی ئیستعمار
قەسری زاڵمان وردوخاش ئە کەین — تف لەدرۆزن و دز وجاش ئەکەین
هەمو بەیەکۆ دەست لەدەستی یەک — ئەژین و ئەمرین لەپای ژین یەک
دەرئەکەین لەولات هێزیئیستعمار — بەپشتیوانی چینی کرێکار
ئالای ئازادی هەڵ ئەگرین لەدەس — مافی خۆمانە و نایسپێرین بە کەس
ئیمەسەربەست و شادو ئازادین — پاسەوانی حەق ، دژی جەلادین

گیانمان باخت ئەکەین لەپای ئازادی
تا ڕەنجبەری گەل بگات بە شادی

بە فرانباری سالی ١٣٥٧

## ( نه و رۆزی خویناوی )

ئه مساڵ نه و رۆزمان چەندێ غەمبارە  چه ن کژ و ماته و چەن پڕ غوبارە
بەهارمان ئەمساڵ خوێناوێ و سورە  ئاسۆی ●یوامان کەم نور و دورە
یەک جار تاریکە ئم چاخە لە لام  گوڵی خوێن ئە دات ئەم باخە لەلام
کێ دیویە نەورۆزئاواخوێناوی  کێ دیویە فرمێسک ئاوا سێلاوی
گەلانی ئێران ئیستاجەژن ئەگرن  ئەی بو گەلی کورد ، هەرئەبێ بمرن
سنە وێران بو بەتوپی ئەرتەش  گەوزانۆ لاوان لەناو خوێنی گەش
ئەمە بویا ساوعە دڵی ئیسلامی ؟  ئەمە بو هێزی میلی نیزامی ؟
ئەهریمەنی کۆن دەست هەڵ ناگرێ  لاشەی گەنەڵی هەروا نامرێ
ئەبێ دروست کەین خەنجێر لەپولا  تۆشەی ڕێ ی نەبەردبەسین بەکولا
سەرکەوین بەرەو هەرێمی دوژمن  بیان دۆزینو لەپەناو قوژبن
تیکەتیکەی کەین وەک گۆشتی برژاو  بستێنین تۆڵەی لاوانی کوژراو
کیۆی ئاوی دەر مات و خامۆشە  بەڵام لێم ڕونە دڵی پڕ جۆشە
ئەزانێ ڕۆڵەی کوردی باشەرەف  چه کی لە دە ستەوویستاون سەفسەف
ئەستینین مافی گەلی نەبەزمان  سەرکەوتوئەبێت ئیتر ڕەگەزمان
کوڕی ئازای کوردگیانم بەفیدات  مەهێڵەدوژمن مافی کورد ببات

تو پردە وازی لە بۆ وڵاتت
هەرگیز گم نەکەیت ڕێگای خەباتت

نه و رۆزی ١٣٥٨

به هۆی شه هید بونی دوکتور هاشم
أحمدزادەماموستای زانکۆی ورمـــی



## ( برا که ی باوکم ، کاک هاشم )

سلێمان به گ ، سلێمان به گ
ئاوه دان بێ چیاو دۆڵت
بۆچی سوره خاک و خۆڵت
هیچ ئه زانی کێ ده نێژن
له داوێنی ته په ی تۆدا
یا ده زانی توده چێنن
له فرمێسک و له بۆ سۆدا ؟

* * *

سلێمان به گ ، سلێمان به گ
وریا به ئیسته بڕوانه
تریشقه ی عاسمان ئاوا
ته ختی پۆلا ده له رزێنێت
بریقه ی ڕه عد و چه خماخه
ته وژمی قین و گریانه

* * *

بلێسه ی ئاوری دوری
ده کیشێت گڕ بۆ جه رگی من
مرۆ ڤی چا که ویستم چو
خودا یه بیده ی مه رگی من
چ به رزه مه رگی کاک هاشم
له پێناوی گه لی کوردا
برا که ی باوکم ، کاک هاشم
ڕ چه شکێن بوی له بۆئێمه

قه سم به شاخی هه ورامان
هه تا کوبم ، ڕی ی تۆ ڕێمه
ئه زانم ده ستی دیۆی ڕه ش
ڕژانی خوێنی پاکی تۆ
ئه زانم هێزی ئیستعمار
ڕفانی گیانی پاکی تو
به ڵام لێم ڕو نه وا نابێ
دڵو په و تک تکی خوێنت
ده بنه سوپا بۆ ئازادی
ده ڕو خێنن له بنج و بێخ
قه ڵا و ته لاری بێدادی

* * *

سلێمان به گ ، سلێمان به گ
بیگره باوه ش ته رمی جوانی
ئه زانم من وئه یش زانی
هێزی ئه ژنو بو کاک هاشم
حیوا و ئاسۆ بو کاک هاشم
بلێین ده ده ین هه مو تێکڕا
زنجیری دیلی ده پسێنین
تۆڵه ی خوێنی ئه و ده ستینین ...

* * *

مبارک بێ کراسی سور
به باڵای به رزو جوانی تو
شه هیدی کوردی ، کاک هاشم
له بو گه ل پردی ، کاک هاشم
پیرۆز بی ماڵی خوێناویت
برا که‌ی باوکم ، کاک هاشم

خاکه لێوه ی ٢٥٩٢

## ( دوی ڕی به ندان )

کڵێڵه ی به فری کوێستانان
به هاژان و گفه و گرمان
ئه به ستن ڕێگا و ڕێبازان
گورگێ پیر به ره و ئا وائی
ڕائه بوێری به ئیسپائی
گه ماڵی دێ له گێوی سوانان
کلکی ناوه ته، نه ڕه ی شان
لاوی ڕاوچی به ره و کوێستان
هه ڵی کێشاوه پوزه وان
کیژ یکی قه دباریک و جوان
گوروا ئه چنێ له دیوه خان
پیرێ ژنێکی به تاووکوڕ
هه ڵی گرساندوه ته نور
بۆنی خۆشی نانی تازه
عه تری سه ر ڕێگا و ڕیبازه

*    *    *

هاڕه ی کڵێڵه دێته گێویم
به گرماندن وا ئه ڵێ پێم
هه ستن مانگی ڕی به ندانه
کا تی هه وڵی بێ و چانه
دوی ڕێ به ندانت بێنه بیر
ئه و ڕۆژه که قازی نه مر
چوار چرای سابڵاخی له رزان
هه تاو به گوڕ پێ ئه که نی
به ڕوی جمهوری کوردوستان

به بداخی جوانی جمهوری
به گه ڵاڵه ی گه ش و سوری
هه ڵئادرا له سابلاّخ
بۆنی خۆشی خسته بـــاخ
کۆماری سوری کوردوستان
ئاوریکی هه ڵئاگرسان
گڕسۆزی هیوا هه ڵکرا
له گانگای دڵی گه لان

* * *

به ڵام کوانێ له مێژودا
به شی کورد که ی دراوه؟
له هه ر لایک کێشه بوه
هەر مافی کورده و خوراوه
ده میکی زۆر نه چوه سەر
که سوپای ڕه شی زۆرداری
هێرشیان برد بۆ موکریان
له ناو کزی و بێکەسی کورد
جه رگی به ردیش بۆ به بریان
قازی و سەیف لە گەڵ سه در
هه ڵئاوه سران بەسێ داره
میژوی کورد هه روه ها بوه
دوژمنی کورد هەرغەدداره
له سەقزیش یازده دار
چەقی بۆ کوردی هه ژار

* * *

ماوه یکی تێ په ڕی
ئەوسێ داره یه هاته بـــەر

میوه ی سور و جوانی گرت
داری قازی و سه یف و سەدر
ئاواره و کاک قادر
موعینی و شەریف زاده
ڕژانیان خوێنی گه شیان
ئاگه لپکەن ئاماده
ماوەی تر چوه سەر
ئاواتمان نه هـاته دی
زوحاک هەرمێشکی ئەویست
بەبێنەتیجەو بێ سه مەر
ئالای خوێناوی خه بات
له سەرشانی لاوان بو
تا قمی زه حمه ت کێشی کورد
بو گه لبراو باوان بو
ماموستا و خوێنده وار
ڕوشن بیرو کریکار
لەگه ل وه ر زیر و جوتیار
به ختیان کرد گیانی خویان
دایک دانیشته ڕوڕویان
بەلام به یداخی خه بات
هه روا شه کاوه و سوره
سه ربه ستیمان نزیکه
قەت وامەزانن دوره
به هێزی زەحمەت کێشان
ما فی خومان ئەستێنین
شەقڵه به خوین پەپیمانمان
عەهدمان ناشکێنین

هیوا و ئاواتی قازی
دێته دی لە ئاکاما
بە یە کیە تی و تێ کۆشان
ئە ڕوین بو خودموختاری
پیرۆز بێ ئەم ئامانجە
بۆ کورد و کوردە واری ...

سە قز سەرماوەزی ١٣٥٨

## ( په یام )

گه لی کوردی کۆڵ نه ده ر ، قاره مانی دژ شکێن
خاوه نی گه نجی شه ره ف ، پاڵه وانی تاج ڕفێن
بڕوانه وا به هاره ، دۆڵ و چیا سور و سه وز
ڕاوچی واله حه شا را ، چاوی ناچێته وه نه وز
ڕاوچی خوێن مژو غه دار ، داوی ڕه شی داناوه
بروا مه که ن به دانه ی ، له دوای دانه هه رداوه
ده‌ست بده نه ده ستی یه ک به یه کیه تی و یارمه تی
پاڵ به ن به پاڵی یه کۆ ، ڕۆشن بیرو پا په تی
ئێمه ئه بێ یه ک گرین ، وه ک زنجیری پۆلائی
خوێنی لاوانی وڵات ، باخت نه که ین به خوڕایی
شه به ق سورو خوێناوی ، له لو تکه ی کێوه کانه
ئه مڕو چاره نوسی کورد ، به ده ستی دێوه کانه
ئه بێ لاوی ئازای کورد ، هه ڵ دڕێ جه رگی دێوان
به خوێنی دوژمنی کورد ، پشۆرێت به ردی کێوان
بۆچ چاووت له خه ودایه ، کورده ئیسته ده رفه ته
هه ڵگره ئالای شۆڕش ، هه‌سته کاتی هه‌ڵمه ته
هۆده ی غه م بڕوخێنه ، هه‌سته وه ک شێری ژیان
نیشتمان زۆر ئازیزه ، لی ده ریغ مه که گیان
ئه بێ هه مو سوێن بخوێن ، به به رزی شاخه کانمان
به چه می پڕله لافاو ، به سوری باخه کانمان
په یمان به سین له گه ڵ خاک ، سوێن بخوێن به‌کوردوستان
هه‌رگیز ده مێ ناسره وین ، تا حه ق نه دنه دسمان
مێژوی ئێمه خوێناوی ، داهاتومان بڕخه تەر
به لام داری ئازادی ، ئه بێ بۆمان بێته به ر

گه لی چه و ساوه ی ئێمه ، لـه مـه پتـر ویـڵ نـابـی
ئاوی جه خـه تـو و سیـروان به خوێنی کورد لێڵ نابـی
هه سته کاکـی خه بات گێڕ بـرای ڕه شائی و فه قیـر
قوڵف و قه ڕازه ی دیلی ، پچڕێنه لـه مێشـک و پیـر
به رکه وه له م شۆڕشـه ، کاکـی ئازای کرێکـار
داها تو بۆ ئیـوه یـه ، تاقمـی چه وساوه‌ی هه‌ژا ر
ڕوشن ببیر له بـۆ ئیـوه خـه باتی سور ئه گیـرێـت
به ئالآی داس و چه کـوش ، پیامتـان بـو ئه نێرێـت
چینی فـه لا و کرێکـار ، پێشـه وای ڕا پـه ڕینـه
به رز بێ ئالآی خه باتمـان ، له م ده شت و سه رزه وینـه

٥٧/١٢/١٠ مهاباد

## (یەکیەتی)

نازانم چیبکەم دڵم پڕ ژانە ... یەک جار بە تەنیام من لەم ڕۆژانە
نە دۆستم ماوە نەهاوەڵ نە یار ... ماموّ بە تەنیا سەدخۆزگەم بە بهار
لە شاری سەقز بەتاک و تەنیا ... ئەڕوانم بۆدور هۆشیار و وریا
زۆر نیگەرانم من بەم ئەحواڵە ... بەڵام بە داخۆ کوا کێ لە ماڵە
یەک تروتسکیست یەک مائوئیستە ... یەک دیموکورات یەک کمونیستە
کۆڕێک کۆمەڵە و تاقمێ ئیسلامی ... بەشێک سیاسی و بە شێک نیزامی
یەکێ پەیکار و یەکێ فیدائی ... یەکێ موجاهید یەکێ ڕهائی
یەک تەنگ نەزەر ناسیونالیستە ... یەکیش جیهان بین سوسیالیستە
تاقمێ هەوادار بوحیزبی تودە ... یەکێکیش وەک من بوچ وبێهودە

* * *

هاوار خەڵکینە ئەمە چە دابە ... بیلا تەفرەقە زید ئینقلابە
سەدخوزگەم بەپار کەیەک بوین گشتمان ... هەوڵمان ئەدا لە بو نیشتمان
غەمخوری یەک وبرای هاوپشت بوین ... یەکێکمان مەلات یەکێکمان خشت بوین
ڕوخانمان پێکوقەڵای زوڵم و زۆر ... لاشەی فیرعەونمان حەوادانا و گوڕ
جەژنمان گرت و پێکوهەڵپەڕین ... ساواک و موساد وەکوقەلێ فڕین
ئەم جار ئیستعمار کەوتە فڕوفێڵ ... چۆن بەچڵەونێ ئاومان لێ کات لێڵ
هاتەبەرەوا لەبۆ جیاوازی ... پیچرا یەجیهان بانگ و آوازی
هێزی گەلیان کرد بەهەزار بەش ... گەلی ئێرانیان واکرد چارەڕەش
ئەم جار ئیرتیجاع بەسەرمان زاڵ بو ... میوەی ئاواتمان ناڕەس و کاڵ بو
بەقوربان تان بم ، گەلی قارەمان ... دەرفەتە ،هەلە ،ئامان سەد ئامان
بەبێ جیاوازی بگرن دەستی یەک ... بڕون بۆ پێشۆ بۆ مەبەستی یەک
کاتی یەکیەتی وەخت ئیتحادە ... نۆرەی ڕوخانی قەڵای بێدادە
فەلاو کرێکارلەگەڵ ڕۆشن بیر ... ئەبێ دانیشن لەکوشکی ئەمیر
توتکی بورژوا ماندووکەسەل بێ ... ڕۆڵەی پرولیتر تێروتەسەل بێ
بابڕوێن ئاوا بەرەوئاسۆی ڕون ... ناگەین بەئامانج، مەگەربەیەک بون

بەهاری ١٣٥٨

(لاواندنەوەی شەهیدانی سەقز)

فەلەک هاوار لەدەستی تو
لەزوڵم و خوێن مژینی تو
چەنی دوژم و بەقینی تو
دەبا باران ببارێنم
لەدوچاوی سوری کەم نور
دە باهەڵبێت ڕۆژی ڕۆشن
لەلوتکەی زوڵمەتی دور دور
دەپاڵیوم مەڕدۆشی خوێن
لە جەرگی پڕلەزەخمی خۆم
ئەوونە ئەڕێژم فرمێسک
کەماتی کەم جۆگە لەوچۆم
بەڵی وایە و ئەمەکەمە
لەبۆ ئەم بارە گرانە
ئەڵێیت چی بو، بوچی وابو
ئەمن چون لەبۆ تو بیژم
کوابارو دۆست و دڵسوزێ
کە بوخچەی خەمم هەڵڕیژم
لە کیویە کاوەی باوەم
بنوسم کارەساتی خوم
بە خوێن شەقڵی پکەم میژۆ
بنوسم هاوار، ئەی هاوار
سەقزقوم بو لە نا و خوێنا
شاری سەربەرزی یازدەدار
پەنجا و دوی تر شەهیدی ڕا
و گوللەی سوربینی دوژمن

لە تی کرد سینـــە ی پاکیان
ئەگەر چی کشت ، بیّ تاوانن
بە ڵام بە ڵگە ی هە یە دوژمن
لە دوژمن وایە و هە روایشـە
هەرکە س کوردە ئە بیّ بمریّ
ئە مە یە بە ڵگە ی دوژمن
بە ڵام ، ئە م کارە بیّ سودە
دوژمنی کورد ، خۆی نابودە

*　　*　　*

ئە گە ر چی دە ستی ئیستعمار
دای سە پان شە ڕێکی ئاوا
کە دە ر چون لە ناو ئیمە
پیاوانی ئازا و نە بە رد
زۆر بە هە ڵە ئە چی دوژمن
چو نکا ناوکی کورد بڕاوە
بە ناوی نیّزە و شمشیّر
و ناترسیّ لە وە ی بمریّ
لە پیّناوی ولاّتی خۆی
کە زۆر زو پیان و تە
بو سەر بڕینە بە رخی نیّر
نە ماون ئەگە ر ئیستا
یە حیا و سە ی ڕە شی و ئە نوەر
ئە میر و ئە حمە دو طاهیر
عە تا و عە لی و حە مە و ناجی
حە مە حسەین و کە ریم و دە رویش
ئیّمە قە ت نیمانە ئەندیّش
هان .. ئە ی دوژمن باش بزانە

کەئێمە حەق بە دەسمانە
هەرچە نێ لای تۆوایە
چارەی خەلاسی کوشتنە
بەنامەردی خوێن ڕشتنە
هەرچەن ئەی جەلادی خوێن مژ
لە سنە و پاوە و مەریوان
لە بوکان و سەقز و موکریان
ڕژانت خوێنی لاوەکان
بڕوانە سا ، بۆ کێوەکان
لاوی پارتیزانی کورد
لە شاخ و بەندەن دابین بون
و هێرشیان هێنا سەرت
ئاوایە نا بەزین ئێمە

* * *

لە فێرگەکان
گشت منداڵان
دوژمنانیان یاس کردە
جاش و چڵکا و خۆر لە ترسا
پەنایان بۆدوژمن بردە
لەم لا شیو پێشمەرگەی ئازا
گیان لە دوژمن ئەستێنێ
جا فەلەک تۆ، باش بزانە
ئاوایە کورد هەر ئەمێنێ

* * *

دەی بژین ئەو منالانەی
خەباتیان کێشا فێرگەکان
دەی بژین ئەو پێشمەرگانە

که تۆڵه ی شه هید ئه ستێنن
و بۆمافی کورده واری
گیانی خۆیان وه ده ر ئێنن
سه رکه و توبن ئه و هێزانه
که هه وڵی ما فی کوردیانه
به رز بێ ئاڵای ئازادی
له پانائی گشت جیهانا . . .

شهریور ۱۳۵۸

## ( ئه ی گه لی زه حمه ت کیش ٠٠٠ )

ئه ی گه لی زه حمه ت کیشی دێهات و شار
وا بڕاوه ناوکت به ڕه نج و کار
پای چکۆله ی ڕۆڵه کانت بێ کەوش
قه لبت وه ک ئاوێنه ساف و بێ خه و ش
دره و ده ستی تۆی هه ڵ قڵیشانه
گێره په نجه تی هه ل تڵیشانه
نه هێزت ماوه و نه نوری چاوا ن
هه روا شه هید بوی بێ جورم و تا وان
ئه ی کوا به رهه م و کوا خه‌رمانی تۆ
یا بۆنا سۆرت کوا ده زمانی تۆ
ئه تو جوتیاری بێ گوڕ و تینی
جۆینیکی سه ختی چه رخ و زه وینی
تاوێ وەر زێر و تاوێ سه پانی
تاوێ ڕه شائی بێ نان و خوانی
تۆ ئیش ئه که یتو خه ڵکی پێ شاده
به رهه م هین تۆیه و زێڕهین جه‌لاد ه
برای هه‌او پشتی تۆ کرێکاره
زور زه حمه ت کێش و ماندو و هه‌ژاره
ئه ویش به یانی هه تا ئێواره
خه ریکی ڕه نجی بێ ده خڵ و باره
هێزی فرۆشتنه به سه‌رمایه دار
کار هینی ئه وه ئه یبات ساحێو کار
ئه ڕوانن هه ردوک ڕو به عاسمان
به ڵکو موعجیزه پکات خه‌لاسمان

هه ر پهیان ونن موقه دده روابه
ده ست ره نجی ئیوه هین ئه و کابرایه
چون ئه وه ئاغا و خاوه ن کاری تۆ
له بۆ ئیتاعه ت هه ر ناچاری تۆ
به ڵام خه م مه خۆن ئه گه ر هه زارن
یا نانتان نیه یا کۆ بیمارن
جێتان به هه شته له دونیای باقی
گشت فه راهه مه له حۆری و ساقی
حوجره ی ته ڵائی و حه فتا په ری جوان
هینی ئیوه یه له دونیای نه مان
باغی باسه فا و شه رابی تازه
سرورو خوشی به بی ئه ندازه
بۆ ئاقمی هه زار گشت ئاماده یه
ئه مانه بو مه رگ که لێ ساده یه
قه ی ناکا له م دونیا گه ر سه رمایه دار
ئه ژی به خۆشی له دێهات و شار
ماشینی جوان و کۆشکی سپی و به رز
چوارژنی ڕه عنا و زه وینی بێ مه رز
ئه سڵی کار حه ساو له وه و دونیایه
خۆشی ئه م دونیا هیچ به کار نایه

* * *

هه ستن ڕا په ڕن چینی زه حمه ت کێش
ئاڵا هه ڵگرن بڕۆن به ره و پێش
بیچڕێنن کۆت و زنجیری ئاغه
حه وای ده ن بۆچه م وه ک بوکی باغه
خه ڵیفه و ده روێش و سوفی له گه ڵ شێخ
به هێزی زانست هه ڵکه نن له بێخ

به فێڵ و کەڵەکو قسەی هیچ و پووچ
هێزی زەحمەتکێش خراوەتە سووچ
بەهەشت و حۆری بۆ خوبان چاکە
بڵێ مافی خۆم بێ بەڕۆ کاکە
لە ماڵ و ژن و دارائی و زەوی
بۆچی تۆ بیبەیت کا برای ملقەوی؟
بڕو نامەوی ژینی پاش مردن
هیلاک بوم ئیتر لە ئەیکاش کردن
لەگەڵ ئائینی لنینی کەبیر
ئازادی ئەکەین مرۆڤی ئەسیر
بە سوشیالیزم ئەڕوێنە بەرۆ
خۆمان و هۆزمان ئەخەینە سەرۆ

بەهاری ۱۳۵۷

( بۆکاک فواد )

لە پڕدا قیژە ی هەوری ڕە ش
شکانی‌بالـی ڕاستی من
هە واڵێکی پڕ لە داخ هات
ڕژا خواریٰ ، ئە سرینی گە ش
لە موچە ی خۆر
برای جوتیار
شە ن و بێڵی لە بۆ دانا
لە کارخانە کرێکاران
شیوە ن و ڕۆ ڕۆیان دانا
لە فێرگە ی ژیان خوێندە واران
هاواریان کرد ، ماموٚستام ڕۆ
لە بنکە و کوڕی ڕا پە ڕین
پێشمە رگە نرکانی
وە ستام ڕۆ
ئە وین داڕانی ڕوت و ڕە ش
دانیشتوون بە سوز و هەش
لە م لا یشۆ دایکی کوردوستان
بە قور پێوان گۆنای ئە رنیٰ
چینی جوتیار پشتی شکا
تا قمی هە ژار ئە شکی تکا
چی بوە و چیە ئە ی هاوار
لە کیوٚی چە قا داری بێداد
هە تاو بوٚچی رە نگی‌خوێنە
داخوٚ نە ماە و کاک فواد ؟

* * *

ئه ی برای جوتیار
بناڵه
وا چه ماوو شان و پشتت
ئاور به ربوه ته کشتت
به لاّم یه شتا هیوا هه یه
بی فوأدیش، ئیوا ، هه یه
ئه گه ر له شکری ئیستعمار
به تیکرائی بیته ئیّره
لاناده ین لەم ڕیگه جوانه
به رنادین ئه م کوردوستانه
ڕێگای هه ڵه ناگرینه به ر
دروشمی ئه و ئه که ینه به ر
به هێزی گه ل به بیری جوان
به ده ستی چینی زه حمه ت کێش
ئالاّی سه ر به ستی کوردوستان
هه ڵ ئه گرینو و ئه ڕوێنه پێش
ئه وسائه بینن کاک فوأد
له گه ڵ کاروانی شه هیدان
به سه ر به رزی دێنه پیشواز
به یداخ هه لئه گرن له سه رشان
ها وارئه که ن مردو وزینو
تیّ ئه‌خرۆشن برسی وتینو
هه ربژی به یه‌ڕقی کاوه
هاو تائی کات ته ک هه تاوا

پائیزی ١٣٥٨

## ( وه‌رام )

ئازیز ، بالاّ به‌رز ، شۆخ و شه‌نگی من
هیوا و هاوڕێ ی دڵی ته‌نگی من
یاری بێ وێنه‌ ی گه‌رده‌ن بلور م
شل و مل و جوان ، سه‌رگۆنا سورم
غه‌زاڵی چاومه‌ست ، به‌عه‌یش وناز م
که‌ ژالی قژ ڕه‌ش ، دیده‌ وه‌ک بازم
نوسیوته‌ له‌ بۆم که‌ من بێ وه‌فا م
پڕ مه‌کر و حیله‌ و سه‌را پێ جه‌فا م
بردومه‌ له‌ بیر عه‌هد و په‌یمانم
نه‌ما وه‌ عه‌شق و دین و ئیمانم
ئه‌ی داخ چۆن بێژم ، چۆن بتکه‌م ڕازی
با ویژدانی خۆت ، بکه‌م به‌ قازی
به‌ڵی ئازیزم ، که‌ سێ تر هه‌یه‌
له‌ تا و ئه‌وینی دڵم وه‌ک نه‌یه‌
نه‌ک خۆشم ئه‌وێ ، من ئه‌ی په‌رستم
ته‌نیا بو ئه‌وه‌ هیوا و مه‌به‌ستم
ئه‌وه‌ جوانێکه‌ دڵی خه‌مباره‌
به‌ تیری زاڵم دڵ برینداره‌
شه‌و و ڕۆژ دوژمن هاله‌ بیری ئه‌و
چاوی له‌ ترسا قه‌ت ناچێته‌ خه‌و
به‌ڵی جوانێ گیان ، ئه‌وه‌ وڵاتمه‌
سه‌رچاوه‌ ی بیرو هیز و خه‌باتمه‌
دایکیکی ڕوت و قوت و زه‌خماره‌
دڵ پڕ له‌ داخ و گه‌سته‌ ی ڕه‌شماره‌
سوتاوه‌ جه‌رگی له‌ داخ ڕۆڵه‌ ی خۆی
به‌ و هیوا ماوه‌ ، کاتۆ تۆڵه‌ ی خۆی

من له تاوی ئه و ڕوده کـه م له شـه ڕ
تا که ی دانیشم کـز و مـات وکــه ڕ
شه رته نات دویێـم تاکـو کوردوستـا ن
ئه چێته جرگـه ی ئـالاّ بـه ده ستــان
وه ختێ گه لی کوردخه ر یکـی ڕه زمــه
یاری دیده مه ست ، که ی وه ختی بەزمه
شادی ئه و ده مه که خــود موختــاری
بستینێن ئێمه ، بــور کــــوردەواری
به یداخی سوری سوشیالیزمـــی جـوا ن
بۆنی خۆش خاته ناوچه ی کوردوستــا ن
برای پێشمه رگه ، گه ڕیتو له کێـــــو
ئه ویش با بمژێ خه ت و خاڵ و لێــــو
ئه و سا پیکه وه ، گـه لـی ئــازاد ه
هۆی شادی و ته ره ب ئه که ین ئامــاده
ئه نیا شه رت بێ به شه رتـی مـــه ردا ن
تا ئه و ده م نه گـه ن به ئاوات کوردا ن
حه رام بێ له من شادی و عه یش و نۆش
یا سه ر ئه که وین یا نامه وی تـــۆش

ڕه ز به ری ١٣٥٨

ئامانج = هه ده ف

ئه سلی چوار = سازمانیکی ئه مریکائی بوکه به ناوی خیرپه هاتن بـو ئیران به لام خه ریکی جاسوسی بون به قازانجی ئه مریکا .

ئاژه ڵ= حه یواناتی مالی

ئه وک= گه لو

بیستون= کیویکه له کرماشان

بومه دین = سه روک کوماری ئه الجه زایر که بو به ناو جیگه کـه ر لـه بین شای ئیران و سه ددام حو سه ین ناپیی کوماری عیـراق و خه باتی گلـه لی کوردی عیراقی به فیرودا

بورژوا= ده وله مه ند ( خارجیه )

بـژوێن= جیگای له وه رینی ئاژه ل ، جیگا یک که‌گول و گیای زوربی

بومه لێل = وه‌ختی داچونی خور ، ئیواره

په یکار= ( سازمانیکی ئیرانی ) په یکار له ریگای ئازادی ته به قه ی کریکارا .

پاڵه وانی تاج رفێن= موراد له بارامی گوره که کورد بو و تاجـــی پاشایه تی له ناو بەینی دوشیرا هه لگرت و رفاندی .

پرولتر= ( خارجیه ) کریکار

ته وژم= فشار

پروتسکیست = به لا یانگرانی تروتسکی ئه لین که یەکی بوه له پیاوه ناوداره کانی زه مانی راپه رینی روسیه .

توله= ئینتقام

تین = گەرما ، حەرارەت

جەندەک = ته رم ، لاشه

چەوسێنەر= تالانکەر زورویژ مال خور

چه و ساوه= تالان کراو ، مال خوراو

چاخ = زه مان ، کات ، سه رده م ( موکریانیه )

چر= کوره داریکی زور

چلوک= سه رلقی دار

حەشار= سه نگەری راوه کەو

خیلات= هەوارنشین کوچەران

دیموکورات = ئیشاره بە حزبی دیموکوراتی کوردوستان

دروشم = شوعار

رچە= ریگا یک لە ناو بەفروسەهولا

زورهان= پیری پەک کەوتو

ساواک= سازمانی جاسوسی ئیران لەزەمانی پەهلەوی دا

سیخوار= وەکو بەفره لوکەوزوقم وایە کەلەبەیانی ساردی زمستانالەدار و چیلکە ئەنیشیت

سنور= مەرز

ساروخ= چەمیکە لەنزیکی قەلاگای سه قزا و ئەرژیتە سەدی کورش

سلیمان بەگ= گورستانی شاری بانه

سیروان= چەمی لە هەورامان

سوسیالیزم = مالکیەتی کومەل

سنتو= پەیمانی بەغداد لە ما بەین ئیران و تورکیه و پاکستان و بریتانیا و ئەمریکا دا کە بە هوی راپەرینیئیران تیک شەوا .

سەپان= خزمتکاری ناومالەدەولەمەندەکانی دیهات

شاهو= کیویکه لەنزیکی کرمانشانا

شوونیست= ( خارجی ) بەرچاو تەنگ ووەتمن پەرەستی ئیفراتی

شەقل = تەختە یکەوەک مور کەخەرمانی پی دیاری ئەکەن

فیدائی= ئەندامانی سازمانی پیشمەرگەفیدائیەکانی خەلکی ئیران

قوژبن= سوچیک بو خو دابین کردن

کەلوی = چەمیک لە سەردەشت

کلیله= هەرەس

کۆمەڵە= موراد لە کومە لە ی شورشگری زە حمەت کشیانی کوردوستانی ئیرانە،

گە واڵ گە واڵ= دەستە دەستە

گاوس = مە شکەی گەورە

گەنجانی خەبات گیر= لاوانی شورشگیر، جەوانانی ئازا

مەردۆش= بابەی تایبەئی شیردوشیی

موجاهید= موراد لەئەندامانی سازمانی موجاهیدینی خەلکی ئیرانە

مەلات= نەرمەی بەین خشت و بەرد لەبەنائیدا

مائوئیست= لایانگرانی مائوتوسەتونگ بەریوەبەری لەدونیادەرچـــوی چینی گەلی

موساد= سازمانی جاسوسی ئیسرائیل

مەتەرێز= سەنگەر

نەکەروز= کیویک لەگەورکی سەقز

ناسۆر= برین ، زەخم

لنین= پیشەوای راپەرینی روسیەوماموستای کریکارانی جیهان

وەرزیر= کریکاریک کەلەمزرەعەکارئەکات

هەش= خەم و ماتەمو ناکوکی

یاسا= قانون و داب و رەسم



کاک عومەری فاروقی ساڵی ١٣٢٥ لە دێ ی سەڵتە کەڵتوی سەرشیوی سەقز لەدایک بوە و خوێندنی سەرەتائی و ناوەندی لە سەقز و کرماشان تەواوکردە ، ئەم هۆنەرە ماوەیکی زۆر کرێکاری کارخانەی دوخانیاتی سەقز بو و لەسالی ١٣٥٥ چوە فەرهەنگ و هونەری سەقز وئیستایش لەوی کارئەکات . کاک عومەر زۆرتر بە فارسی شعری داناوە وشتی نوسیوەوتائیستا زیاتری گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکانی ئێران وەک کیهان ، اطلاعات ، بامداد پیشگام ، فردوسی ،نگین ، جوانان ، جمهوری ، زن روز ، بنیاد ، میدان هنر ، آهنگر ، توفیق و . . . شیعر ونوسراوی ئەویان لەچاپ داوە و تا ـ ئیستایش دو بەرهەمی شیعری فارسیوچیروکیکی نەزمی بە زەبانی کوردی چاپ کراون کە بە ١ـ فصل سنگین غربت ١٣٥٧ ، ٢ـ آوازهای جنبش ١٣٥٨ ، ٣ـ ریگای ژیان ١٣٥٨ ، بە ناوبانگن کاک عومەر جگەلەمانەلە فولکلور یشادەستی هەیە و چەن نمایشنامەیشی نوسیوە کەیەکێ لەوان بەناوی شهید دوم بە یارمەتی لاوانی هونەرمەندی سەقز هاتەسەر شانو و پیشوازی زۆرێ لێ کرا ، ئەم هۆنەرە ئیستا ئەندامی کانونی نوسەرانی ئێرانە و چەن بەرهەمی فارسی و کوردی ئەو ئامادەی چاپن .

( شاهو )